# کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی ...!؟

سەروەرکەریم
sarwarkareem@gmail.com

کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێستا بە هۆی بە کاڵابوون و ئالی بوونی مرۆڤ، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ژیانی هەستەوەری دووچاری قەیران و لاوازی هاتوون، ئەگەر نەڵێین بەرەو کۆتایی ڕێگا مل دەنێت،پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگا بەو ئاڕاستەیە دا ملی ڕێگای ناوە؟.

کۆمەڵگای هاوچەرخ ژیانی لەسەر مۆدێل دەڕوات و بیر لە هەست و سۆزەکانی ناکاتەوە وبەوشێوەیەش لە خۆشەویستی و هاوسەری دەڕوانی و پێوایە جوانی جل و بەرگ و مۆدێلی سەیارەو کاڵاکانی تر باری سەرنج دەداتە بەرامبەر و هەستی بەرامبەر دەجولێنێ بۆ خۆشەویستی, جیا لەوەش سێکس یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی لە جیهانی مۆدێرنی ئیستا دا، وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ خۆشەویستی سەیر دەکرێ، بەر جەستە بوونی ئەو ڕوانینە بۆ خۆشەویستی وای کردووە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەرەو کۆتایی بچێت. فرۆم دەڵێت[1] (ئەمرۆ مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا, لەگەڵ هاوجۆرەکانی داو لەگەڵ سروشت دا نامۆیە، بووە بە کاڵا، هێزی ژیانی خۆیان بە جۆرێك سەرمایە گوزاری دەکەن، کە پێویستە لە چوار چێوەی هەل و مەرجی بازاردا، لانی زۆری سوودی بۆ دابین بکات. پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، لە بنەڕەتدا هەروەك پەیوەندیەکانی ئامێرەکان بە خۆیان نامۆن و هەرکەس دڵنیایی بوونی خۆی بۆ ژیان لەگەڵ کۆمەڵ و هاوڕەنگ بوون لە گەڵیاندا، لە کارو باوەڕ و هەست و سۆزا دروست دەکات). بە کاڵا بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئیستادا، مرۆڤەکان دووچاری ڕەشبینی و نامۆیی کردوە بەرامبەر بە ژیانی ڕاستەقینەی سۆزداری و خۆشەویستی و پەیوەندیە ئینسانیەکان و سەیری ئەو پەیوەندیە وەك کاڵا دەکات، ئەو لە بنەڕەتدا بە چاوی کاڵاوە لە ژیان دەڕوانێ و پەیوەنی خۆشەویستی و هاوسەرگیری لە ڕوانگەی چێژی سێکسەوە سەیر دەکات و زۆر جاریش لە دەرەوەی هاوسەریش ئارەزوە سێکسیەکانی تێر دەکات، بۆیە لە کۆمەڵگای ئێستادا، ڕێژەیتوندو تیژی بە ئاستێکی بەرز باڵای کردوە, هۆکارەکەشی دەگرێتەوە بۆ لە دەست دانی هەستی خۆشەویستی و سەیر کردنی مرۆڤ وەك کاڵا.

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کاتێك مرۆڤ دادەبڕێت لە هەستەکانی و حسابی کاڵا بۆ هەموو شتەکان دەکات، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێت چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی بەرهەم بهێنێ و لە خوێندنەوەی چیرۆکە گەورەکانی ڕابردوش دا دووچاری دڵە ڕاوکێ و نائارامی و پەشێوی دەبێت و دۆش دادەمێنێت و توانای بەرگە گرتنی ئەو عەشق و خۆشەویستی یە سەرنج ڕاکێشەی نابێت و بە دیاریەوە دەگریاو ئازار دەچێژێت.

بۆ نموونە چیرۆکی خۆشەویستی *(ڕۆمیۆ و جۆلێت)، کەسەردەمانێکی زۆر کۆمەڵاگای خۆر ئاوایی و بگرە ئیستاش لە ژێر کاریگەری ئەو چیرۆکەدا خۆشەویستی دەکەن و بە چاوی ئەو دوو پاڵەوانەوە لە خۆشەویستی دەڕوانن، گەرچی ئەوە تەنها ڕوانینێکی ئەوسابووە بۆ حەرامیەتی خۆشەویستی و خستنە ڕووی ئەو کێشەیە بووە، کەچۆن خۆشەویستی وا لەمرۆڤ دەکات قوربانی لە پێناوی دا بدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت،بە دوای ڕمیۆو جۆلێتی شکسپیر دا چەندین چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی چاو یان بەد نیا هەڵهێنا، گەرچی گەورەیی ئەو چیرۆکانە لەوەدایە،بە مانایەکی تر گەورەیی ئەو چیرۆکانە لە وێدایە کەیان عاشقە،یان مەعشوقەکەی بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵگاوە، یاخود کارەساتێکەوە ژیان لەدەست دەدات، بەڵام خۆشەویستی لەلای ئەو تاکەی تریان بە زیندویی دەمێنێتەوە و نامرێ، کاتێك خوێنەری کۆمەڵگای هاوچەرخ ئەو چیرۆکانە دەخوێنێتەوە لە ناخەوە و پڕبەدڵ دەگریا، کە ئەو ناتوانێت خۆشەویستی یەکی وا بخولقێنێ.

---

* بۆ ئاشنابوونی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شانۆگەریی ڕۆمیۆ و جۆلێتی شکسپیر.

یەکێکی تر لەو نموونانە فلمی [**](تایتانیك)، کە زۆرترین بینەری هەبوەو زۆر بە قۆ ڵی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی بینەرەکانی داناوە، ڕەنگە زۆرترین بینەرەکانی دوای مردنی جاك و جیا بونەوەی ئەو دوو خۆشەویستە پڕ بەدڵ گریا بێتن، لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکە گەورانەی خۆشەویستی کۆتاییان هاتوەو چیدی کۆمەڵگای ئیستا ناتوانێت خۆشەویستی و عەشقی پاك لە سەر بنەمای دڵسۆزی وەفاداری بەرهەم بهێنێت، لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای ئیستادا خۆشەویستی تاك ڕەهەندی بوەو بۆ زۆینەی مانای چێژی سێکسی یە، لە تایتانیکدا عاشقەکە خۆی دەکاتە قوربانی مەعشوقەکەی و دەیەوێت خۆی بمرێ, بەڵام مەعشوقەکەی زیندو بێت، کۆمەڵگای ئیستا ناتوانێت پەی بەنهێنی تێکەڵ بوونی ڕووحەکان بەرێت و لە مانای ناوەوەی خۆشەویستی بگات، تەنها کۆمەڵگای ئیستا لە ڕووکەشدا لە خۆشەویستی دەڕوانێ و بە ردەوامیش لە ناکۆکیدایە لەگەڵ ناخی خۆیدا و ناتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا بکات، بە بڕوای من ئەوە فاکتەری هەرەگرنگە بۆ گەیشتن بە کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی، چونکە کاتێك مرۆڤ هەستەکانی تێکەڵ بە ئامێر و ژیانی ڕۆژانەی دەست کەوت و چێژ وەرگرتنی کاتی و خۆشحاڵ بوونی کاتی دەکات، ئیدی هەستی قوڵی سۆز گۆڕینەوەو خۆشەویستی لاواز دەبێت و ناشتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو، چونکە ئەو لە ڕابوردوشدا خۆشەویستی نەکردوە، لەگەڵ ئەوەی ئیستا بەرژەوەندیەکان و دەست کەوتی ڕۆژانە و ڕایی کردنی ڕۆژ بە ڕۆژی پەیوەندیەکان، تاکی کۆمەڵگای ئیستای گەیاندوەتە ئاستی بەر خۆریی، بۆیە ڕەنگ نی یە چیرۆکی گەورەی خۆشەویستیلە هەلومەرجی ئیستای مرۆڤی بەرخۆری دا دروست ببێت. بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستی گەورەی خۆشەویستی بەرەو ئاوابوون دەچێت، کە دیارە ئەوەش کارەساتی بە ئالی بوونی مرۆڤەو مرۆڤ هەموو شتەکانی بە کالاً پێوانە دەکات و ژیانی هەستەوەری پشت گوێ دەخات، ئەوەش ڕەنگ دانەوەی سەرەتاکانی داڕمانی خۆشەویستی یەو مرۆڤەکان بە رەو خۆپەرستی و دڵڕەقی هەنگاویان ناوە، لە جیاتی ژیان دۆستی ئەزموونی ئامارە کانی توندو تیژی دەکەین لە پێناوی لەزەتی کاتیدا.

ڕۆیشتنی کۆمەڵگا بەو ئاڕاستەیەدا، بنەمایەی واقیعی هەیەو لە هەڵەو تێنەگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکی خۆشەویستی سەرچاوەی گرتوە، ئەگەر سەردەمانێك ئازادی سێکسمان بە خۆشەویستی لە قەڵەم دەداو داوای ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەریمان دەکرد، کۆمەڵگای نوێ هەموو ئەمانەی تیا بەرجەستە بوو، بۆیە کاتێك گەیشتین بەو ئاستە و تێر بوون لە حەرامەکان ڕابوردو، بە زوویی دووچاری بێزاری هاتین لە ژیانی هاوسەری و ئەوەی بە ناوی خۆشەویستی یەوە دەمان کرد، یاخود زۆر جار لەژێر کاریگەری چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی دا ژ یاوین و دوای پێك گەیشتن و پێکەوە بوون هەموو هەستەکانمان کاڵ دەبێتەوەو دوو بارە بێزار بوونەوە دەست پێدەکات و سەر ئەنجام بەجیا بوونەوە لەو کەسەی بەناوی خۆشەویستی یەوە هاوسەریان هەڵبژاردووە، چونکە ئەوان نەلە کۆندا و نە لە ئیستادا لە خۆشەویستی تێنەگەیشتون و مومارەسەیان نەکردوە و تەنها لە خەیاڵدا ژیاون، بۆیە سەرئەنجام ئەو هەستە بە کۆتایی دەگات.

بەشێکی زۆر لە تاکەکان بە درێژایی مێژوو لە خەیاڵدا خۆشەویستی یان کردوە، پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانیشیان، بە پەیوەندی سێکس و هاوسەریشەوە جگە لە خەیاڵ بلاًویی بەولاوە ئەنجامێکی تری نەبووە،بەڵام دوای ماوەیەك لە جووت بوون و پەیوەندی سێکسی و گەیشتن بە لوتکەی لەزەت، هەموو خەیاڵەکان کاڵ دەبنەوە و کۆتاییان دێت و جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ دنیای خەیاڵ و هەست و ئارەزوی سێکسیان دەجوڵێ بۆ کەسێکی تر، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە زۆرینە لەوە تێنەگەیشتون، ئەگەر سێکس و پێکەوە بوون خۆشەویستی لەگەڵ دا نەبێت زوو دەگات بە لوتکەو کۆتایی. فرۆم دەڵێت[(2)] (لە یەکەمین ڕوانین دا، ئەم خۆشەویستی یە بە هەستکردنێکی زۆر بە "دووچار"ی خۆشەویستی بوون، واتە داڕووخانی ئەو دیوارانەی کە تا ئەو کاتە لە نێوان دوکەسی نامۆ بەیەکدا هەبووە، بەڵام هەر بەو شێوەیە و شێوەیەی ئەم هەستە خۆبەخۆیەی دڵداری تەمەنی کورت دەبێت).

ڕوانینی مرۆڤەکانی ئیستا بەو شێوەیەیە بۆ ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی، تەنها لە ڕوانگەی چێژی کاتیەوە لە ژیانی

---

[**] فیلمی تایتانیك دوو پاڵەوانەکەی جاك و ڕۆز بوون.

خۆشەویستی دەڕوانن، بۆیە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دووچاری شکستی خۆشەویستی هاتوەو دەست بەرداری خود ناسی و ئەوی تر ناسی بووەو، هەموو پەیوەندیەکانی لە سەر بنەمای دەسکەوت و سێکس دروست دەکات.

کۆمەڵگای ئیستا بەو ئاراستە یەی خۆیەوە، ڕەنگ نی یە جارێکی تر ببێتە مامانی لەدایک بونی چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی، بە قەدەر ئەوەی بەرەو وون کردنی خۆشەویستی و کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی ملی ڕێگای ناوە..

**سەرچاوەکان:**


1- هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریك فرۆم –و- عوسمان حەسەن شاکر –چاپی یەکەم 2000 لا114

2- هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریك فرۆم –و- عوسمان حەسەن شاکر –چاپی یەکەم 2000 لا 72